## پرۆژەی حەزەووردیلەییەکان....5



# ماچە فشاوییەکانی ژووری نووستن


### جەزا چنگیانی


ئیمشەو گلاراوگرتمی وحەزم بوو حەزی من بۆ مژینی لێوەکانی تۆ و حەزی تۆش بۆ ڕەنگی سووری لێوەکان و دیکۆری ڕووت بپێوم , هێندە ڤۆدگام دەرخواردی سنوری مەستی خۆم دا تا تەڵەیەکی مەستاوی بۆ لێوە سوورکراوە شەهوەتاوییەکانی تۆ بنێمەوە . لە ژێر گرمەی هەوری مۆسیقا بڵندە سێکساوییەکەی دیسکۆکەدا چەند جارێك دەمم هانی ولێوەکانم لەبەردیدەی تۆی لێو سووردا تەڕایی حەزیان پڕژا و ووشکهەڵگەڕان بە دریژای شەوەکە و تەمەنی سەماکەمان تۆی کەشخەچیی لەبەر کاڵنەبوونەوەی ڕەنگی سووری لێوەکانت باڵی پەپولەی ماچەکانی منت سووتان وماچێکت نەدامیٚ . کۆاممان لە تەك ڕۆح و خۆشەویستیدا ڕاستگۆین ؟ منی شەیدای مژینی لێوەکان یان تۆی شەیدای ڕەنگی سوور و دیکۆری ڕووتت ؟؟؟؟ کە باڵی پەپوولەی ماچەکانم لە بەر پێتدا بینی وتەمی غەمێکی تەنك سەر لێوەکانتی نەگرت . زانیم هەموو ماچەکانی لێوە بیٚ سووراوەکانی دۆێنی شەوەی ژووری نووستنەکەمان گشتی فشە و درۆی کاتپەڕین بوو .



سانپیترسبۆرگ 08-05- 05


www.chingiani.de

jazachingiani@hotmail.com